بۆچ نەرمەیەکـــــان لای چینە تووندڕەیەکان دەگرن؟ … نووسینی: باربرا ف. وۆتەر

ئەم لایەنگیرییە پەیوەندی بە هزرەوە نییە

نووسینی: باربرا ف. وۆتەر
وەرگێڕانی: طاهر طيب أحمد (مامكـــاك)

_____

جێی سەرسوڕمانکی زۆرە کە لە دوای شەڕی ساردەوە چینە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان ، بە تایبەتیش ، سەلەفییە جیهادییەکان گۆشیان کردووە. سەلەفی جیهادی بزووتنەوەیەکی ئیسلاحی ئۆپۆزسیۆنی پارێزگارە و لە پەناوی دامەزراندنی خەلافەتێك تەدەکۆشێت کە لە سەر بنەمای شەریعەت ڕێکخرا بێت. ئەو ڕێکخراوانە نکۆڵی لە دەمۆکراسی دەکەن و باوەڕیان وایە کە پەیڕەو کردنی تووندوتیژی و تەقاندن terrorism ڕەوایە بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان وەدی بێنن. پێش ١٩٩٠، تەنیا چەند چینێك جیهادی سەلەفی چالاك هەبوون کە بە پێنجی دەست دەمژردران. کەچی لە ٢٠٠٣ بە دوواوە، ژمارەیان گەیشتە ٤٩ ڕێکخراو.

بەاوبوونەوەی ئەم چینە شیر بە دەستانە، مرۆ دەتاسێنێت، چونکی ئامانجەکانیان گەلێك لە هی سوننەکان ڕادیکاڵی radical تر کە دەیانەوێ نوێنەرایەتییان بکەن. بە پێی ڕووماڵی ئەو ٣٨٠٠٠ موسوڵمانەی لە ٣٩ وڵاتدا، لە ٢٠١٣دا ناوەندی توێژینەوەی پیو Pew Research Center کردی، زۆرینەی سوننەکان دەمۆکراسییان لە کن لە ستەمکاری autocracy پەسندترە و زۆرینەیەکی زۆریان لە دژی ئەو کوتەکبەندییەن کە بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێت. ئەگەر ئەو هەموو موسوڵمانە بە ئامانج و ڕێبازەکانی ئەو چینە تووندڕیانە قایل نینە، ئەدی بۆچ ئەو تووندڕیانە، چەندین هەندەی خەیانیان لێهاتووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە تووندڕەیی بە ئاستەم پەیوەندی بە دین یان بە هزرەوە هەیە ؛ چونکە هەموو لە هەمووی تەنیا بە سیاسەت و ئاسایش بەستراوەتەوە. لەو ژینگانەی کە بە خرایی گەانی

سیاسییان لە ڕوو دەدات و حوکمی قانونیان تێدا سنووردار و گوندەکی باڵا دەست دەبێت، هاوڵاتییانی نەرمەڵە بیانووی ژیرەندانیان دەبێت تا هزری ڕادیکاڵی ئەو چینانە پەسند بکەن. ئەمەش سەبارەت بە هەموو وڵاتێك ڕاستە، جا ئەو وڵاتە ئیسلامی بێت یان هەر فەی بە ئیسلامەوە نەبێت. ئەمە دیسان هەر ڕاستە، جا با زەرینەی هاوڵاتیان باوەڕیان بە ئامانجە بنەڕەتی و ئایدیۆلۆژیاکانی ئەم جۆرە بزووتنانەوە هەر نەبێت. قیت بوونەوەی ئیسلامگەری ڕادیکاڵی radical Islamism بە هەی فرە لایەنگری هزری تووندیانە نییە، بەڵکوو لە ڕەفتاری ئەو سوننە ئاساییانەوە پەیدایە کە لە کاتی تەنگانەدا پەیڕەوی دەکەن.

سوودی کەسی تووندڕە The Extremist Advantage

کە شەڕی ناوخۆ بەرپا دەبێت، وەك ئەوەی لە چاد و عیراق و نایجیریا و مالی و پاکستان و سۆمال و سوریا و یەمەن، دەگوزەرێت، هاوڵاتی نەرمەڵە ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەبێت: یان لایەنێك دەگرێت و خۆی پەیدا شەڕ دەکاتەوە و یانیش بزاڤ دەکات دوورە-پەرێز دەمێنێتەوە. باشترین بژاردەش ئەوەیە کە خۆی بەو دەستە چەکدارەوە هەڵبواسێت کە گەلێك لەگینە شەڕکەر ببەستەوە و چاکسازییەکی سیاسی ڕاست پێك بێنێت. پشتیوانی کردنی لایەنی سەرکەوتوو، تاکەکان دەپارێزێت لەوەی کە لە پاش شەڕکە تاوانبار لە بکرێتەوە و لایەنگری ئەو چینەش کە پەیمانی چاکسازی دەدات ئاگاداری گەلانێکی سیاسی ئەرێنی دەکایەنێت. لە هاوڵاتیان نازانن کە سەر دەکەوێت یان ئەوێتا براوە، کە ڕەشمەی دەسکەوت دەگرێت، چۆن ڕەفتار دەکات.

ئەم ستراتیژە لە قازانجی چینە تووندڕەیەکاندایە. هزری تووندڕەی چینێك قیەتاو دەکات تا ئەو تووندڕیانە گردەنەوە (تەجنید بکەن) recruit کە گەرکیانە بە ماوەیەکی درێژتر و بە شێوەیەکی تووندتر لە میانڕەیەکان بجەنگن. ئەو جەنگاوەرە دەمارگیرانە یارمەتی دەستە جەنگاوەرکانیان دەدەن خەڵرا شەڕکان ببەنەوە و خەیان بە خەڵاگر و کاریگەر ناوزەد بکەن. ئەنجامەکە جۆرێك لە پاداشتە وەریدەگرن: ئیمانداری ڕاستکان، لەبەر خەباختکردن و باوەی بتەو و نەگۆ بە کەشکەیان، لە پەشدا پەیوەندی بەو تووندڕیانەوە دەکەن؛ ئینجا تاکە کەس کاراکان دەچنە بن باڵیان؛ چونکە دەنە سەر ئەم باوەڕە کە ڕەنگە ئەو چینە سەر بکەون. سەبارەت بە سوریا، ئەمە پێ بە پەستی باوەی وەیەم مەکانتس بوو؛ مەکانتس پسپۆری بواری تەقاندنە و دەڵێت: سەرکەوتنە زووکەی دەوڵەتی ئیسلامی (یان داعش) متمانەی لە کن زەر لە جەنگاوەرە دیرینەکانی سەر بە سوپای سوریای ئازاد

پەیدا کرد و وای لێکردن کە لە دەستەکانی خۆیان یاخی ببن و پەیوەندی بەو چەتە جیهادیانەوە بکەن کە وایانزانی پارێزی پتریان هەیە و ئەکتریشن.

هاوڕاتیانی نەرمەش مەبەستیانە پشتیوانی ئەو چینە بکەن کە ئاگر بێنە سەر حوکم ئەنگەر هەر وەك پێشان چێن بوون هەروەها پاك بمێننەوە و گەندەڵی نەکەن. دنیا بوون لەو چینەی کە لە کاتی دەسەڵات وەرگرتندا، دادپەروەر دەمێننەوە، تا ئەو پەڕ ئەستەم. خۆ ئاگر سەرکردە یاخییەکان لە ڕاستیدا ئەزوەر (طموح) ambitious و چاوچنۆکیش بن، بەڵام هێشتا هەر هاندەریان هەیە و یەژن ئەمان لەو بڕاردانە جیاوازن کە ئێستەکە فەرماندارن و ئارەزووشیانە گەڵانکاری سیاسی فەراهەم بکەن. لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی جەبەجەکار کەمتر لەپێچینەوەی دەگەڵدا دەکرێت، ئەمە باوە کە دەسەڵاتداری بە کردار لە دەسەڵاتکەی لابدرێت.

دیسانەکە شایستەی بەیەن کە هەزری تونددڕەوی "پشت – لە بە چینە تونددڕەوەکان – دادەنێتەوە" . یەکەمین – وا لە تونددڕەوەکان ڕاچاو دەکرێت کە زەرتر لە میانڕەوەکان، نکووڵی لە ڕەکەکوتنی مامناوەند بکەن و بەمەش حکومەتەکان ناچار دەکەن کە پێشنیازی باشتر پێشکەش بکەن. لەبەر ئەمەیە کە فەڕەنسێنیەکان، لەمیانی دانوستانیان دەگەڵ ئیسرائیل، حەماسیان لە دەسەڵاتداری فەڕەنسێنی لە لا پەسندترە. دووەمین – پەسند کردنی هەر هزرەکی تونددڕەوە وا نیشان دەدات کە سەرکردەی ئەو چینە یاخییە تونددڕەوەیە هەر تەنیا چاوی لە گەدانی دەسەڵات و دەوڵەمەندی نییە و ئاگر ئەو ئایدیاڵیزیەیە لە سەرکردەکانی خواست قوربانی مەزنی بدەن و ڕەبەن و هەژار بمێننەوە، ئەوە هێشتا پتر ئەمە دەسەلمێنێت. ئوسامە بن لادن باشترین بەڵگەی بە ئەمە نیشان دا، چونکی هەموو دیانزانی کە ئەو، لە پێناوی جەنگدا، وازی لە سامان هێنا بوو. لە کۆتایدا – چینە تونددڕەوە دینییەکان، لە زەر بابەتدا، ئامرازی دادپەروەری تایبەتی خۆیانیان هەبوو، ئەو ئامرازەش ڕەفتاری خراپ هێشتا پتر دەخاتە بەر نەشتەری لەپێچینەوە. بە نموونە، تونددڕەویextremism ئیسلامییەکان فیقهەکی بەربەاوی تایبەتی خۆی پەیڕەو دەکات. وا دیار بوو کە سەرکردایەتی قاعیدە باش لەم قازانجە گەیشتبێت، بەیی سەرەی لەو هەرەمانە گرت کە دانیشتووانەکانیان پشتیوانی بە بنەمای حوکمانی هەبوو. لە ناو جڤاکە دیندارەکاندا، لایەنی سێیەمیش هەیە کە متمانەی پەدەکرێت: دەشێت ئیمام و موفتی و ئایتوایەکان قەیان لە هەماڵن و ململانێیەکان خاو بکەنەوە و ئەو سەرکردانە تەنبە بکەن

کە دەستاتەکانیان بۆ خراپی بۆ کار دەنن.

بنبڕ کردنی تووندڕەوی Ending Extremism

تاکەکان پێویست ناکەن باوەڕیان بە هاوڕێ کردنەکی بنەڕەتی ئیسلام هەبێت تا پشتیوانی چینەکی تووندڕەو بکەن. ئەمش هەمای گۆڕی بۆ ستراتیژی دژە تەقاندن هەیە. قایل کردنی ئیمانداری ڕاستەقینەکان بۆ ئاوڕی پێوەندی بەم بزووتنەوانە بکەن، ئەرکەکی ئۆپەڕەیشنەمە، بەڵام قایل کردنی میانڕەوەکان ئاوەندە دژوار و ئێستەم نییە.

باشترین ڕێگە بۆ بنبڕ کردنی پشتیوانی میانڕەوەکان لە ڕێکخراوەکانی وەك قاعیدە و داعش ئاوایە کە هانی چارەسەر کردنی ئاو شێوە ناوخۆییە سیاسیانە بدەین کە بەردەوامی بێو چینانە دەدات و دەیانحاوێنێتەوە. چارەسەرە سیاسیەکان هاوێنی سەلەفی جیهادینە. ئاو ڕێکخراوتنانەی دەستەات دابەش دەکەن ململانێی دژواری سیاسی بنبڕ دەکات. لە کن نەرمەڕەیەکان، بابەتەکە ئاوە نییە کە پشتی کام چین بگرن، بەڵکوو لاوە خەی دانوێنەت ئایا دەبێت ڕێکخیان لە ناو حکومەتدا هەبێت یان لە شەدا بەردەوام بن. باشترین بژاردە ڕاوشەن. هەرکە نەرمەڕەیەکان نمایندەی سیاسی وەدەست دەنن، بناغەی پشتیوانی کردنی چینە تووندڕەیەکان لەژ دەبێتەوە. ئەمە دەقاودەق ئاوە بووە کە لە دووای مەر کردنی ڕێکخوتنی گود فرایدەی Good Friday Agreement لە ١٩٩٨، دەگەڵ چینە مەیلاو سەربازییەکانی ئایرلاندی باکوور هاتە کایەوە. زەربەی چینە ڕادیکاڵەکانی ئایرلاند چەکەکانیان دانا و ڕادەی تووندوتیژی بە شاوێیکی زۆق و دیار کەمیکردووە. ئەمش کە داعش سوننەکانی عیراقی وریا کردەوە تا لە دەنگدانەکانی ئایاری ٢٠١٨ خەیان وە دوور بگرن، مرۆڤ دەتاسێنێ و دەنووسێت کە "ناوەندەکانی دەنگدان و ئاوانەی لە ناو ئاو ناوەندانەدان دەبنە ئامانجی شمشێرەکانمان." ئەم دەستەلاوە نەدەترسان کە ئیمانداری ڕاستەقینەکان لە دەست بدەن. بەڵکوو لاوە دەترسان نەکا میانڕەوەکان لە دەست بدەن.

پێویستە وەاتە یەکگرتووەکان یارمەتی ئاو حکومەتانش بدات کە دەنەو ناوچەی ململانەدانە تا دەستاتی ڕاپەاندنیان گۆشە پە بدەن و بەهێزتریان بکەن. نەبوونی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ پشکنینی سەرکردە عارەبەکان و ئاو گەندەیینە لە ڕادەبەدەرەی وا لە ئارادا هەیە، دەیان ساڵە بووەتە کۆسایەتی ئەم حوکمداریانە و زەربەی سوننەکان باوڕە بەوە ناهەنن کە سەرکردە نەرمەڕەیەکانیش، هەرکە دەستاتیان

وەرگرت، مایەپووچ دەرناچن. بە هەڵکەوت نییە ئەو ئایدیالۆژیەی کە جەخت لە ڕەوشت و داد دەکاتەوە لە هەرەمەکدا دەرکەوتووە کە حکومەتە سەرکوتکەر و فرە خراپەکان لەی باڵا دەستن. وەبەرهێنان لە توکمە کردنی حوکمی قانون و پشکنینی هەزدار و پارسەنگ کردنی لایەنی سیاسیدا پێویستی بە سستمێکی لاوەکی دادپەروەری ناهەڵەت و بیانووی پشتیوانی کردنی چینە تونددێیەکان خاو دەکاتەوە. ئەمە بە قسە ئاسانە. لەگەڵ ئەمەشدا، وەاتە یەکگرتووەکان جارە سەرکەوتنێکی لە هاندانی هاوپەیمانەکانی، کەریای باکوور و تایوان، بە ئێنجامدانی چاکسازی وەدەست هێناوە. هەرچەندە حوکمی قانون بەهێزتر بێت، ئەو هێندە ئۆگەری لایەنگری تونددێیی بەرتەسکتر دەبێتەوە.

ڕێگەیەکی دیکەی بنبڕ کردنی چینە تونددێیەکان بەرینگاربووەوەی پرۆپاگەندەکانیانە . سەلەفییە جیهادییەکان، بە لای کەم، هەندێك لە نەرمەییەکانیان بەمە قایل کردووە کە گەلێك لەگینە، ئەوان سستمێکی سیاسی دادپەروەرتر لە هی نیارەکانیان دابمەزرێنن. یەك لەو ڕێگایانەی ئەم قسەکەی پێ پڕچ بدرێتەوە ئەویە، ئەو نموونانە بخرێنە بەر چاو کە زەر جاران ئەو حاکمانەی ئەو ڕێسا و بنەمایانە پێیەوە ناکەن کە خەیان پرۆپاگەندەیان بە دەکەن، زیندانی کراون. نموونەیەکی زەقی ئەو پرۆپاگەندەیە قیدیەکەی ٢٠١٤ی ئەبوبەکر بەغدادیی سەرکردەی داعش، کە لەو دەمەی لە ئیماندارانی دەخواست لە عیراقدا جیهاد بکەن، خەیشی سعاتێکی ڕۆلێکس ROLEXی لە قامکدا بوو. وەاتە یەکگرتووەکان دەشتوانی دەستاتدارە نەرمەییەکان (گەلێکیان سەرك عەشیرەتن) هان بدات تا پێش لە ڕەوایی (شەرعییەتی) ئەو سەرکردە ئادیکاڵانە بگرن کە هەوە دەدەن وشکەسفیاتییەکانیان بە قازانجی خەیان بکار بێنن. ئەمە بە ڕاستی ئەوە بوو کە لە ڕاپەاندنەکەی ئەنبار ڕوویدا، کاتێك کە وەاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ سەرکردەی خەڵکانی ئەو پارێزگایە لە دژی القاعدة في بلاد الرافدين، کاری کرد.

ئایدیالۆژیای تونددێ هەمیشە سەرنجی هەندێك لە باوەداران بە خەی ئادەکەشت، بەتام لەو کاتانەی کە دەخەکە تەماوی و پشەو، هزری نەرمەییەکانیش هەدەمژێت. ئەگەر وەاتە یەکگرتووەکان بشت ئەو دەخانە بگەڕێت کە پشتیوانی کردنی ئەو چینانە بکاتە بژاردەیەکی هزرماندانەی هاوەاتی ئاسایی، ئەو کات ئەستەم دەبێت هزری تونددێ زیندوو بمێنێتەوە.

سەرچاوە:

گۆڤاری کاروباری دەرەوە، مانگی حوزەیرانی ٢٠١٨
https://www.foreignaffairs.com/articles/2018-06-18/why-moderates-support-extreme-groups

https://www.foreignaffairs.com/articles/2018-06-18/why-moderates-support-extreme-groups
مامۆستای بابەتی زانستی سیاسییە لە زانکۆی کالیفۆرنیا – سکولی سانتیاگۆ تایبەت بە ستراتیژی و سیاسەتی جیهانی.
https://www.annualreviews.org/doi/abs/10.1146/annurev-polisci-060415-093921
https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/2015-11-24/what-salafism
https://www.mitpressjournals.org/doi/pdf/10.1162/ISEC_a_00292
https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/2018-02-27/why-civil-wars-are-lasting-longer
https://www.foreignaffairs.com/authors/william-mccants
کورد دەڵێت: -"پشتی بە داناوە" واتا یارمەتی سەر خستنی دا.
https://www.foreignaffairs.com/foreign-affairs-report-after-osama-bin-laden
https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/2017-12-22/jihadist-threat-wont-end-isis-defeat
https://www.foreignaffairs.com/articles/world/2018-04-25/how-elections-can-lead-peace
https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/digital-counterinsurgency

---

مەرگی دڵداری شاعیر لەشیعرێکی زەینەب خانەدا… سەدیق سەعید

وانەزی

لاوەندنەوەو شینگێڕان وەك دەرخەکی دەروونی و هەستەکی غەمگین، کەدەرەنجامی ڕووداوێکی دڵتەزێن یان کێست و خەمێکە، هۆگێکی درێژی لەنێوەڕۆووی گەلی کوردهەیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ داستان و گۆرانەوەو حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکان. کەتیایدا مرۆڤ لەبەرامبەر کێستی لەدەستدانی ئازیزێکیدا، لاوەندنەوە و شینی کردوەو لەڕگەی ئەودەربڕینانەوە،گوزارشتی لەوهەستە غەمگینییەی خۆی کردووە. کوردبەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی نەهامەتی و چەوسانەوەی زۆربەتەوە. ئیدی تاڕادەیەکی زۆرئەدەبەکەشی هۆنگدانەوەی ئەوکارەساتانەبووە. بۆیە دەبینین لەئەزموونی شیعری کوردیدا، گوزارشت کردن لەکارەساتەکان و هۆنگدانەوەی ناخۆشییەکانی ژیان، وەك گوتارێك ئامادەیی هەبووە. کەبۆگومان شین و لاوانەوەش وەك هونەرێك دەچنە چوارچێوەی ئەو گوزارشتکردنەوە. ئەستاش هونەرەکانی شین و لاوانەوەی ئازیزەکانییان لەلایەن ئافرەتانەوە لە بۆنەو پرسەکان دەبینرێت. کەهۆنگە لەئاستی هونەری و بونیادی واتاییدا، لەئاستێکی سادە دابن. وەلێ لەناوەڕۆکدا گوزارشت لەوکێستە دەکەن. بەتایبەتیش شینی خوشك بۆبراکەی. لەوانگەیەشەوە یەکێك لەوشیعرانەی هەگری ئەوگوتارەیە، شیعرێکی (زەینەب خان)ی ژنە شاعیری دیاری کوردە کەبۆ مەرگی دێداری شاعیری نووسیوە. لەڕاستیدا نەك تەنها ئەوشیعرە، هەموو شیعرەکانی نێو ئەودیوانە شایستەی لەسەر وەستانن. چونکە شیعرەکان لەئاستی فۆرم وناوەڕۆکدا، گوتارو مانا، شیعری جوانن. خوێنەر کاتێ ئەوشیعرانە دەخوێنێتەوە، بەرتوانای شیعری شاعیرێکی ژن دەکەوێت کەلەسەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، شیعری نووسیوە وتوانای شیعری لەشاعیرە پیاوەکان کەمترنەبووە. بەکوبەشیعر گوزارشتی لەبارودۆخی کۆمەلگای ئەوکات کردووەو پەیامێکی کۆمەڵایەتییانە لەشیعرەکانی دەبینرێت.

کەئامانج لێی پێشخستنی کۆمەلگایە. بۆگومان ئەمەش زادەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەی ئەوشارەیە کە ئەو شاعیرە تیایدا ژیاوە کەبەشاری ئەدیبان و هۆشنبیران ناسراوە. بۆیە کۆکردنەوەی ئەوشیعرانە و چاپکردنیان لەدیوانێکدا، دەروازەیەکی گرنگ دەکاتەوە بۆخوێنەران بەووی شاعیرێکی گومناوی ژن، کەتوانایەکی شیعریانەی جوانی هەبووەو ئەمەش لەشیعرەکانیدا دەبینرێت. لەشیعری (شیوەنی دێدار)دا زەینەب خان شیوەن بۆمەرگی دێدارەکات و لەشیعرێکدا کەتەنها لەدەدۆ پێکهاتووە، گوزارشتی لەهەست وسۆزی خۆی

کردووەلەدوای مەرگی براکەی. مردنی دڵداری شاعیر نەك تەنها بۆ بنەماڵەکەی، بەڵکو بۆگەلی کوردیش جێگەی نیگەرانی و پرسیاربوو. چونکەلەلایەکەوە مردنەکەی کتوپڕبوو، لەلایەکی تریشەوە بەداخەوە دڵدارلەتەمەنێکی یەکجارگەنجی ماڵئاوایی لەژیان کردوو گەرمەرگ مەودای دابڕایە، دەیان شیعری دیکەی هاوشێوەی(ئەی هەقیب)و(خەندەکەی بای)دەنووسین. هەمیشەش مەرگی ئازیزان لەتەمەنێکی زووداً، پترمایەی خەم و کەسەری قوڵە. بۆیە مەرگی دڵداریش بۆزەینەب خان وەك شاعیرێك شۆکێکی دەروونی گەورە بووە. کەتیایدا لەڕگەی ئەو شیعرەوە گوزارشتی لەوخەمەی خۆی کردووە.لەودەقەدا، پەیوەندی شاعیر بەمەرگی دڵدار، پەیوەندی خوشك و برایەك نییە.بەڵکوپەیوەندی دوو مرۆڤە. ئەمەش دەلالەت لەوەدەکات کەشاعیر شین بۆ مەرگی مرۆڤێك دەکات بەرلەبراکەی. واتە دنیابینی شاعیردنیابینییەکی مرۆڤانەیە. ووداوەکە لێرەدا مەرگی مرۆڤکە، کەلەتەمەنێکی گەنجی دەمرێت.بەڵام مرۆڤێك بەمردنی هەر لەخۆی و خوشکەکەی ناچێت، بەڵکو لەگشت توێژەکانی دیکەش دەچێت. چونکە دڵدار شاعیر و هاوکات دەرچووی کۆلیژی مافیش بووە. ئەمەش ئەو شوناسە بەومرۆڤە دەبەحشێت کەئەوەی مردووە کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ڕۆشنبیرێك مردووە. بەتایبەتیش لەزەمەنێك کەزەمەنی دواکەوتوویی کۆمەڵگە بووە.بۆیە لەسەرەتای شیعرەکەیدا شاعیر دەڵێت:_

شەهسواری عەرشی کوردو یونسی دڵدارم ڵێ…
قەڵەمی عیلم وئەدەب و شکۆفەی بەهارم ڵێ..

بۆگومان، وەك دیارە دڵدار لە هەڵەتی گەنجیەتیدا کۆچی دوای دەکات. لێرەوەش شاعیر مەرگی دڵدارەبەستێتەوە بەشکۆفەی بەهار. ساتی کرانەوەی شکۆفە، ساتێکی کورت و ئاگوزەرە. بەهاریش وەك یەکێك لە چواروەرزەکانی ساڵ، گەرچی جوانترین وسەرنجراکێشترین وەرزی ساڵە لای مرۆڤ لەڕووی ڕوحی و دەروونییەوە، بەهەمان شێوە ئەویش تەمەنی کورتە. واتە وەرزێکە، بەزووی دەست پێدەکات و بە خۆراییش کۆتایی دێت. لەڕوانگەی زەینەب خانی شاعیر، مەرگی براکەی هاوشێوەی شکۆفەی بەهاربووە. بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا لەوەدایە، کەدوای کۆتایی هاتنی هەروەرزێکی بەهار، بەهارێکی دیکە دێتەوە. بەڵام مردنی مرۆڤ، کردارێکی حەتمییەو ئیدی تاهەتایە ون دەبێت.بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا ئەوەی لێرەدا دەمرێت هەر تەنها مرۆڤێك نییە، بەڵکو لەگەڵیشدا قەڵەمێك دەمرێت. دیارە قەڵەمیش هێمایە بۆ خوێندەواری و فێرکردن و هوشیارکردنەوی کۆمەڵگە. کەواتە بەمەرگی دڵدار کورد هەرتەنها مرۆڤێك لەدەست نادا، بەڵکو ڕۆشنگەرێك و نوخوازێك و کەسێکی هوشیاریش لەدەستدەدا. لێرەوەش ئەوەی دەمرێت

هەرتەنها جەستەو بوونی مرۆڤێك نییە، بەڵكو شوناسی هزریشە. بەمانایەكی تر، ئەوەی وندەبێت تەنها جەستە وژیانی مرۆڤێك نییە، بەڵكو لەگەڵیشدا قەڵەمێك و پەیامێك وندەبن، كەڕەنگە هەزاران خۆزگەیان لەناخدا بێت. بەڵام پرسیارلێرەدا ئەوەیە كەئەركی ئەو قەڵەمە هەرتەنها بۆ ناسینەوەی شوناسی كەسێك بووە كەناوی دێداربووە؟ یاخود هەڵگری ماناو دەلالەتی تربووە؟ بەدەربرینێكی تر، شاعیر بۆچی بەمردنی شكۆفەی ئەوبەهارەو ئەوقەڵەمە دێ پێ لەحەسرەتە؟هەرتەنها لەبەر ئەوەی برابچووكی بووە؟ یاخود پەیوەندی بەپرسی تریشەوە هەیە؟ لەدوونیوە دڵی دوای ئەو دوودڵرەیی یەكەمدا، خۆنەر ئەركی ئەو قەڵەمە دەبینێت كە مردووە. بۆیە ئەمجارەیان شاعیر دەڵێت:_

سووڕەتی قەومی خۆی كێشا بۆ ئەجیالی پاشی خۆی..
دێ بەڕەحم ومیهرەبان و سوارچاكی نازدارم ڵێ..

لێرەدا ئێمە ئەركی ئەو قەڵەمەمان بۆ دەردەكەوێت، كەلە سەرەتای شیعرەكەدا شاعیر بەحەسرەتەوە باسی لەدەستدانی دەكرد.ئەویش كێشانی سووڕەتی قەومی خۆی بووە. ئەركی شاعیر ناساندنی نەتەوەو مێژووی گەلەكەی بووە، بەنەوەی دوای خۆی. بۆیە كاتێ ئەو قەڵەمە دەڕوات، ئەوناساندنەش لێرەدا كۆتایی دێت.بەمەش هەموو ئەو خەونانەی شاعیریش كۆتاییان دێت كەدەشَ لەوتەمەنە گەنجییەی خۆیداخەونی پێوە بینیبن. بەڵام ئاخۆ مردن وەك دواچارەنووسی هەموبوونەوەرێك، ڵێگە دەدا بەو هەمووخەونانەمان بگەین؟ شاعیر لەنیوە دڵی دووەمدا، وەسفی لایەنی كەمەلایەتی و مرۆیی دلدار دەكات. بۆیە بەكەسێكی دێ بەڕەحم و میهرەبان دەیناسێنێت. دیارە زەینەب خان خوشكی گەورەی شاعیر بووە. وەرای ئەمەش بەمنداڵی سەرپەرشتی و چاودێری دێداری كردووە. بۆیە دەشۆ لەنزیكەوە لە سایكۆلۆژیەت و ژیانی كەمەلایەتی دێدارشارەزابێت.ئەو پەیوەندییە نزیكیەش بۆتە هۆكاری ئەوەی كەدوای مردنی بەو شیعرە لاونەوە و شین بەمەرگی براكەی بكات. گەرسەرنج لەمێژوو و زەمەنی نووسینی شیعرەكەش بدەین، دەبینین ئەوشیعرە لەساڵی 1948 نوسراوە. خودی دێداری شاعیریش لەمانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ كۆچی دوای كردووە. واتە نووسینی شیعرەكە دەكەوێتە چەند ڵێژێكی كەمی دوای مەرگی دێدار. ئەمەش ئاست و ئەندازەی كاریگەریەتی مەرگی براكەی بەسەرژیانی زەینەب خانی شاعیردەردەخات.بەوەی كەوواوەكە بۆ ئەوهێندە كاریگەربووە، لەماوەیەكی كورتدا و لەژێركاریگەریەتی ووداوەكە، ئەوشیعرە دەنووسێت كەشین و لاوانەوەیە. دوای ئەمە، شاعیر فاكتەرەكانی مردنی دێدار باسدەكات. ئەگەر مردن دوا وێستگەی ژیانی هەموومان بێت و

هەبەتە هەموو بوونەوەرێکیش دواجار مردن دواچارەنووسیانە، ئەوا لەوانگەی شاعیر مردنی دڵدار پەیوەندی بەهێکای تەرەوە هەبووە.واتە هەر ئەوە نییە مرۆڤ کۆتایی بە ژیانی دێت و دەمرێت. بۆیە شاعیر لەوێنەیەکی دیکەی شیعریدا،مردنی براکەی دەبەستێتەوە بەجەهل و نەبوونی دەوڵەت. کاتێك دەڵێت:_

لە حەسرەت جەهالەت و لەقەهری بێ دەوڵەتی کورد..
سەحەت و روحی خۆی دانا..
فەخرە بۆئەو غەرقی حوببی نیشتمان بوو..

دڵدار، لەسۆنگەی خەم خواردنی بۆ بوونی جەهل و هاوکات نەبوونی دەوڵەتی کوردی، سەرەتا تەندروستییەکەی و دواجار ڕوحی خۆشی دانا. نەبوونی دەوڵەت و دیاردەی نەخوێندەواری و ناهوشیاریی و دواکەوتوویی کۆمەلگە، دەبنە هۆکاری ئەوەی دڵدار بمرێت. ئەو چونکە کەسێکی هوشیارو خوێندەواربووە، ئیدی لەهەموو کەسێك زۆرتر درکی بەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەکەی کردووە. هەمیشە بۆشنبیران و ڕووناکبیران، دیاردەکانی کۆمەلگە جێگەی ڕەخنە گرتنن. ئەمە وڕای ئەوەی کەنەبوونی دەوڵەتیش هەر تەنها خەونی دڵدار نییە لەسەردەمی خۆی، بەڵکو ئێستاش خەونی ملیۆنان مرۆڤی کوردە کەبەداخەوە هەزارانیان هاوشێوەی دڵدار ئەو خەمە لەگەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گل.بەڵام ئەوەی بۆ دڵدار ماوەتەوە دوای مەرگی، سەرمایەکی یەکجار گەورەیە ئەویش نعرەبوونیەتی لە خۆشەویستی نیشتمان. شاعیرێك دوای ئەوەی هێندە نیشتمانەکەی خۆی خۆشدەوێت، بەداخەوە بەو ئاواتە ناگات و دەچێتەژێر گڵ.بەڵام شانازییەکی گەورە دوای خۆی جێدەهێڵێت، کەغەرق بوونیەتی لە حوببی نیشتمان.ئەم خۆشەویستییەش دەبێتە شوناسێك بۆ ناسینەوەی دڵداری شاعیر دوای مەرگی. لەدوا کۆپلەی شیعرەکەشیدا، زەینەب خان ڕووداوی مەرگی دڵدار، بەخەمێکی گەورە دائەنێت. خەمێك کەوەك تیرێك جەرگ و قەلبی کون کون کردییە.هەروەك خۆشی دەڵێت:_
جەرگ و قەلبی کون کون کردم جەفای تیری هیجرانی ئەو..
هەر بە قسە و گوفتار خۆشە بڕم خەونی هەزارم ڕۆ…

شاعیر مەرگی براکەی لەوە قوڵتر دەبینێت کە بەوشە بتوانێ گوازرشتی لێبکات. بەبۆای ئەو ئەوە کارەساتێکە زمان ناتوانێت وەسفی بکات. بۆیە ئەندازەی ئەو خەمە گەورەیە تەنها لەناخی خۆیدایە. ئەو بەهۆی ئەو مەرگەوە، جەرگ و دڵی کون کون بووە. هاوکات نەك خەونێك هەزاران خەونیشی لەگەڵ کۆچی براکەیدا هەدەوەرن. دیارە زەینەب خان، هەم خوشکە گەورەی دڵدار و هەمیش سەرپەرشتیارو بەخۆکەری

بووە. بۆیە لەنزیکەوە پەیوەندییەکی ڕوحی لەگەڵدا هەبووە کە دواجار بەمەرگی، ئەو کاریگەریەتە قوڵە جێدەهێشت. لەکۆتاییدا دەستخۆشانە لەماموستا عەبدوڵا زەنگەنە دەکەم بۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو دیوانە جوانەی ژنەشاعیرێکی کوردی گومناو…
*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە(2871) لە ڕۆژی 2018_6_26 بڵاوکراوەتەوە…

بۆچی مەش کرچی ناو شەکردان نەبڵت ؟* بەرەو گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی – 1 – … غەمگین بڵێی

هەمیشە مافی ئەوەمان هەیە پرسیار بکەین
بەشی یەکەم

ئەگەر لە دیدگەی (ڕۆلان بارت)ەوە لە پرسەی دەق بڕوانین، ئەوە لەسەروەختی نووسین و بڵاوبوونەوەی دەقدا نووسەری دەق دەمرێت و تەنیا دەقی نووسەر دەمێنێتەوە. بۆیە ئەوەی دەدوێت دەقی بەردەستە، یان دوورتر بڕوانین زمانی دەقە، وەڵێ ئایا نووسەر (شاعیر) ئەو کاتە مافی ئەوەی نییە خوێنەر بڵێت و وەك خوێنەرێك لە بارەی گوتراوەکان لەبارەی دەقەکەیەوە پرسیار بکات؟ منی خوێنەر مافی خۆمە دەستپێکی گفتگۆیەکی کراوە و قووڵ لە ڕۆگەی پرسیارکردنەوە دابمەزرێنم. وەڵێ بە پاساوی بۆ بنەما و دوور لە پێنسیپی کاری ئەدەبی و بەبێ ئەوەی گوتارەکە ببین و بیخوێنەوە، گوتارەکە بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری (شیعر) هەتکرایەوە.
ئایا دەلێت گوتارێك بەر لەوەی بخوێندرێتەوە، بڵێین: بڵاوناببێتەوە؟! ئایا وەك پرنسیپێکی ئەخلاقی نەدەبوایە گوتارەکە بخوێنرێتەوە لەلایەن ئەو ستافەوە و دوای تاوتوێی کردن لەبارەیەوە ئەوکات بڕیاری بڵاوبوونەوە و بڵاونەبوونەوەی لەسەر بدرێت؟ لەبەر ئەوەی بەردەوام بڕیاری پێشوەختە دەدەن لەبارەی ئەزموونی

شاعیرانەوە، ئەمەیش درێژکراوەی هەمان ئەو ئەزموونە ناشیرینەیە. ئایا دەشێت بپرسین: پاساوی بۆنەبوونەوەی ئەم گوتارە چییە؟ ئایا کەسێك گوتارێکی نەخوێندبێتەوە، دەتوانێت بۆیاری لەسەر بدات؟ ئایا ئەوە چۆن بۆیاری بۆنەبوونەوەتاندا؟ ئایا بۆواتان بە هەخنە هەیە، یان ئەوەتە تەنیا بۆواتان بە گوتارەکانی خۆتان هەیە؟ ئەگەر کەسێك هەخنە بگرێت، دەبێت بۆوای بە بوونی هەخنەیش هەبێت، ئەی ئەگەر بۆواتان بە بوونی هەخنە نییە و هەخنە قبووڵ ناکەن و دەرفەتی بۆبوونەوەی بۆچوونەکانی ئەوی دیکە نادەن، ئایا هەبوونی هەخنەکانتان لە کوێ دایە؟ ئایا مافی شاعیر نییە لەو شوێنە (گۆڤارە) ی لەسەری دەنووسرێت، وەڵام بداتەوە؟ ئەی ئەگەر نووسەرێك بابەتێکی هەخنەیی لە بارەی نووسینەکانتانەوە نووسی، بۆاوی دەکەنەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە (بەڵێ)یە و پرەنسیپی کاری گۆڤارەکەتان هونەری هەخنەگرتنە، ئایا بۆچی ئەم گوتارەتان بۆنەکردەوە. ئایا بۆچی ناتوانن ئەم گوتارە بۆبکەنەوە؟ جگە لەوەی ئەوە گوتارێکی هەخنەیی نییە، بەکوو گوتارێکی پرسیارییە. ئایا دەتوانن لە خۆتان بپرسن: ئایا بۆچی ناتوانن ئەم گوتارە بۆبکەنەوە؟

لە ژمارە شەشی گۆڤاری شیعردا بەناونیشانی (بەرەو وڕانەیەکی شیعریی، سەبارەت بە شیعری "غەمگین بێی") بە پێنووسی بنووس (ئارام سەدیق)ە لەبارەی هەردووك کتێبەکەمەوە نووسراوە.(1) جگەی ئەوەیە چەندان پرسیار هووبەووی بنووسی گوتارەکە بکەینەوە. لەبەر ئەوەنا کە هەخنە لە ئەزموونی شیعرییم گیراوە، بەکوو لەبەر ئەوەیە کە چیتر بەناوی هەخنەی ئەدەبییەوە قسەی سواو و دوور لە میتۆدی رەخنەیی و بنەمای زانستی ئەدەبی فێنەدرێنە ناو بۆاوکراوەی کوردییەوە.
لێرەدا دەبێت ددان بەوەدا بنێم کە بێ ئەم گوتارەم سوودم لە چەند گوتار و نامەیەکی نووسەر و هاننووس (کاروان عومەر کاکەسوور) وەرگرتووە. ئەمجارە نووسینەیش سەرەتا هەر لە گۆگەی (کاروان عومەر کاکەسوور)ەوە هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە و لە گۆگەی چەند گوتار و نامەیەکی تایبەتییەوە.

ئەمجارە نووسینە هێندەی مەبەستی دامەزراندنی پرەنسیپی پرسیارکردنە، هێندە عەوداڵی وەڵامدانەوە نییە. بۆیە لەم گوتارەدا وەك خوێنەرێك ئەو مافە بەخۆم بەخۆم بەوا دەبینم کە پرسیار بکەم و لەبارەی ئەو چەمك و قسە سواو و گوتەی ناتەواو و نەشیاوانەی بە زۆر ئاخنراونەتە فۆرمی نووسینەوە، بپرسم. ئەمە لە گۆگەی پرسیارکردنەوە دەتوانین بگەین بە بنەمای گفتوگۆیەکی قووڵ و دوور

لە بەیاری پێشوەختە، نەوەك تەنیا قسە هەڵبەستن و گوێنەدانە کەسی بەرانبەر و تەنیا هەر خەمان قسە بکەین و هەر خەمان خاوەن دیدگەیەکی دروست بین. ئەمە هەمان پێهنسیپی بەشێك لە مامەستایانی ئایینییە، کە بەردەوام قسە دەکەن و گوێ بە بەرانبەرەکانیان نادەن و تەنیا خۆیان بەڕاست دەزانن و هیچ دەرفەتێك بۆ بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە ناهێڵنەوە.

نووسین هەمیشە بۆ دوای شتێ نادیارەکانە کە بۆدیاریان بخات. … هێلین

لەم نووسینەدا، لە روانگەی هەست بە پرسیاریێوە، دەمەوێ وەک قوتابیێکی زانکۆ تێگەیشتنی خەم لەسەر ئەو دۆخە گشتیێی کوردستان بە گشتیتی و بۆتایبەتیش ئەو دیاردە دینییەی کە بە دژی ئازادیی مرۆڤ و ژنە، دەربڕم.
راستییەکەی، بە من جگەی دەتەنگییە، کەمەگەی کوردستانی باشوور، بەچی دوای ئەو هەموو ئەزموون و رووداوە سیاسیی و دینییە دەتەزنانە بەهێوەست و بەرنامەیە بەرانبەر ئەو هەموو زلم و دیاردە دواکەتوو و بەسەرچووانەی کە لەیەنە دینیی و نەرتیێکان دەرخواردی کەمەگەی دەدەن؟
کورد چەندین قوربانی داوە و دەدات؛ بە ئەوەی، کوردستان ئازاد بکات. لە هەمان کاتیشدا دژی کەمەگە و بە تایبەتییش ئازادی ژنە، کە رەوتی داعشی بەناوی دین تا سەرئەسقان دژیەتی! هەکاری بەدەست نەهێنانی ئازادی دگەرێتەوە بە مرۆڤ و کەمەگەخەی. کورد زەر قوربانی دژی داعشی دا کە هەزەکی تونددێیی ئیسلامی بوو، ئەستا لە جیاتی ئەوەی ئەو تونددێیەی دین کەم بێتەوە، کەچی بەهەی دیاردەیەک بەناوی ئازادیی بیر و راوە، کەملەک مەلا و رەوتی نەریتی و بەناوی دینەوە لەمنبەر و تەلەفزیۆنکانەوە رەژانە پەیامی داعشیی بەاودکەنەوە، بە نموونە دژی خوێندن، ئازادیی ژن و کرانەوەی کەمەگە لەبەرانبەریشدا حکومەت و رەکخراوەکانیش لەیان بە دەنگن.

جگەی سەرنجە لە کاتێکدا سیستەمی کار و سیاسەتی حکومەت وایکردووە ئیستا لە کوردستاندا بە هەی ئەو گەرانکاریییە زەرانەوە، هەموو کەس دەبی بخوێنێ، کەچی کەمالێک مەلا و پیاوە نەریتییەکان، هەرشکی تووندیان دژی ئازادیی ژن، پشکووتنی کەمەگ و خوێندن دەستپێکردووە، پرچ رووتی و خوێندن بە بێدینی و سووک پێناسە دەکەن، واتە دژی ئازادی و خوێندنی ژنن. ئەم تونددریانەش کاریگەریان لەسەر زەربەی پیاوی کورد دروستکردووە، کە بە هەڕە لە ئازادی و ئازادی ژن تێبگەن. هەروا تێگەشتوون کە ئازادی ژنان واتە بەرەڵایی و لەشفرۆش و بە ئەخلاق...تاد. کومەگەی ئێرە نەخوێندەوار و بە ئاگایە، بۆیە وا بیردەکاتەوە. بێکورتی و کوردی، زەربەی خەلک لە باشووری کوردستان وشیاریان لەسەر ژیان، ئازادی ژن، پرسەی پشکووتنی کەمەگ و رووداوە مێژوویییەکانییە. تەنها شتێک کە کورد دەیکات، لاسایکردنەوەی دەرەوێیە بە سەقەتی. لێرە هەموو لاسایی شتی ئەوروپا دەکەنەوە وەک: مادە و سەیارە و مەکینە و تەکنەلۆژیی و ...تاد ،واتە کاڵای ماددی ئەوروپا وەردەگردن و بەکاردێنن، کەچی بیر و هزری رۆژئاواش ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش وایکردووە کورد ببێتە مەکینە و پارە، واتە تەنیا لە رووالەت نوێ بێت و لە ناوەرۆکیش دەبەنگ.

لەمەو پێش، باسم کرد و دووبارە دەڵێمەوە، مرۆڤ کە لە دایک دەبێت، بە ئازادی لە دایک نابێ، یەکسەر نابێت بە تاکە کەس، بەڵکو دوایی بە رێگەی فێربوون، ئەزموون و هەوڵدانی بەردەوام دەبێتبە خۆی، خۆی دەکات بە تاکە کەسێکی سەربەخۆ و جیاواز، بەمەش ئازاد دەبێت. بەمجۆرە کە بوو بە کەسێکی ئازاد، بەو زوڵم و ستەمەی لەدەکرێ و مافی زەوت دەکرێ رازی نەبێت، دژی بوەستێتەوە و داوای حەقی خۆی بکات. ئەو حەقەی کە لێت سەندراوەتەوە.
لە ئەوروپاش وەک ئێرە بوو. بەڵام ئافرەتانی ئەوە ئیرادەیان هەبوو بەوە رازی نەبوون کە هەیە. گەوجیس ماریا ئەلەمپی یەکێکە لەو ئافرەتە بە دەگمەنانەی لەکاتی شەشی فەنسیدا هەوێداوە مافەکانی مرۆڤ، ئافرەتانیش بە دەست بێنێت. کە لە سالی ١٨٩١ لە بانگەوازی«مافی ئافرەتان»ی، بڵاوکردەوە. لە بانگەوازەکێدا داوای تەواوی هەمان مافی وەک پیاوانی ئافرەت دەکرد. مەبەستم لە ناسی ئەو ئافرەتە بە دەگمەنە، ئەوێیە کە ئازادی دەستپەشخەری و قوربانی دەوە. بەکورتی شۆڕشێکی گەورەی دەوە.

بۆیە دەڵێم، ئافرەتان بەسە گوێ مەدە بە دەمگەی ئەو و ئەوان، پیاو و ئافرەت لە هەموو مافێک کە هەیە یەکسانن، جیاوازی نییە لە

نەوانیان، تاکەی ئەو زوڵمەی لێتان دەکرێ قبووڵی دەکەن؟ تا کەی قوربانی دەدەن؟ زەربەی ژنان بەرووکەش لاسایی دەرەوە دەکەنەوە، بەناو بە شاراوەیی، واتە خۆشەویستی دەکات بەبێ ئەوەی دایک و باوکی و... بیزانن، لێرە پرسیارێک بێ پیاوانی نەریتی جێ دەهێلم، ئایە پیاوانی نەریتی پێت باشە، کچەکەت بە شاراوە، بەدوای حەزی خۆی بکەوێت؛ یا بە ئازادی؟
لە کۆتایی دبژم، واز لە ژنان بێنن، بلا بچن ل خوونێت خۆ بگرن. «مرۆڤی کورد بە گشتی ئاژەڵەکن لە پستی مرۆڤ». کەواتە جاهیلترین کەس ئەوانەن کە نازانن جاهیلن. هوونتر بژم، جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ ئەوەیە مرۆڤ بیر دەکاتەوە. بەڵام بە هەی ئەو گرانکارییە بە بەرنامەی سیاسیی، لاوازی پلانی پەروەردە و ... تاد، هاوکاتیش ڕەوتە دینییە تووندڕەوەیەوە، لە دەخی ئەمەی کوردستانم مرۆڤی کورد بە گشتی لە ئاستی بیرکردنەوە و هەستی لەو پەڕی لاوازی دایە.
مەبەستم لەو پێیقانە، من و تە و ئەو و ئەوانە. چونکە منیش وەک ئافرەتکی کورد دژیم! لە کۆتاییدا ئەوەی دەتوانێت ڕێگە بەو دەخە دژوارەی کوردستان و هەزە دژە ئازادییەی ژن و کرانەوەی کۆمەڵگەی بگرێت، بەوونی هەزەکی وشیار و ئازادیخواز و بەرپرسیاری ژن و پیاوە، کە بتوانێت بە ڕێگەی ڕەخستن و چاڵاکی ڕۆشنبیریی و مەدەنییەوە خەڵک وشیار بکاتەوە. هەروەک لە پاڵ ئەو هەزەشدا، زانکۆ ئەرکەکی سەرکی هەیە.

زنجیرەیەك گوتار لە بارەی ناسنامە (8-8) ناسنامە ... عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

پاڵەوانی ئازادی/ پاڵەوانی مەعریفی

سەردەمی مەدەرنە، سەردەمی زانستی کە بە کلیلی شۆشی پیشەسازی دادەنرێ، سەردەمی زانیاریەکان و کۆمینیکەیشن و سەردەمی پست مەدەرنە، سەردەمی پست پیشەسازی و پست ئایدیۆلۆجیا، پست

بونیادگەری و پۆست هەوەشانەوەگەری... سەردەمی دژەکان و مەرگی حیکایەتە گەورەکان...
لە سەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا، لە سەردەمی کۆتایی و بکۆتایێدا، بە گشتی دوو جۆر مرۆڤ و دوو جۆر دنیابینی دەبینین، دنیابینی مەعریفەی حیکایی و دنیابینی مەعریفەی زانستی، مرۆڤی ڕۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا و مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا! ڕۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا دروستکەری بەها کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا کەوتۆتە سەر بۆوایەك ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتێك بە هودە و بێ واتا و پوچە، لە هەندێ وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەو بۆوایە هەنگاو بەرەو یەقینی ڕەها دەنێت، ئەو یەقینە ڕووتەش هەر تەنها پەیوەندی بە مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیاوە نییە، وەك کامۆ دەڵێ پەیوەندی بە جیهانیشەوە هەیە، یان ڕاستر بڵێین پەیوەندی بە دنیابینی نەهلیزمەوە هەیە! واتە پوچی بۆتە نۆرمێکی مرۆڤ و جیهان! مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە! دنیابینی حیکایی و زانستی! عەقڵ و زانست...
عەقڵا لەگەڵا زانست هاوگونجاو نایەتەوە, عەقڵا لە توانایدا نییە، بەشداری لە گەشەکردنیدا بکات, بۆیە ئەوانەی کە بە زانست سەرسامن، پێویستە لە نێوان عەقڵا و زانست، لە نێوان دنیابینی حیکایی و زانستی... پارێزگاری لە یەکێکیان بکەن, بە گشتی ڕۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا بە لای عەقڵدا دەشکێتەوە، غەرقی حیکایەتەکان و پیرۆزییەکانە، بەڵام مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا ڕوو لە زانستە و هەنگاو بەرەو چەندان مەیلی جیاواز و چەندان فۆرمی جیاوازی ژیان و کەشفکردن دەنێت، لەوانە مەیلی سەرکێشی و یاخیبوونی ڕۆبازە فیکرییەکان لە شێوەی دژبوونەوەدا دژی سایکۆلۆژیا، هیومانیزم، ئەدیب، شیعر، ڕۆمان...، مەیلی تێپەڕاندن لە فۆرمی مەرگی حیکایەتە گەورەکان...

بەشێك لە مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا لە پێناو ئازادی، خۆی لە سێنتەری عەقڵ و هەموو بەها پیرۆزەکان و پاڵەوانێتییەکان داڕماڵێ، پەنا بۆ ئەلکحول و ماددەی هۆشبەر و گەشتکردن و... دەبات، ئەو هەڵاتنە بە ڕۆبازی رزگاری (تیمۆتی لیری-Timothy Leary) ناسراوە! بەشێك پەنا دەبەنە بەر سێکس وەك (ولیام رایش) لە تۆزەکەی خۆیدا ستایشی کردووە، واتە تێکەڵکردنی سێکس و سیاسەت، تەماشاکردنی شۆڕش وەك ڕەهابوونی سێکسی، واتە وەك چۆن گەیشتن بە ئۆرگازم مرۆڤ لە زیندانی جەستە ئازاد دەکات، بە هەمان شێوەش شۆڕش بە حوکمی ڕەحەتبوونی بە کۆمەڵی دەبێتە سەرهەڵدانی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی لە سەرووی مەبەستە تاکەکەسییەکانەوە، بەو مانایەش رایش ئازادی سێکسی بە سەرەتای ڕووخاندنی جیهانی سەرمایەداری

دەزانێت...

مرۆڤی پێست ئایدیۆلۆجیا دەست بۆ هەموو بۆشاییەکان و هەموو فۆرمەکانی ژیان و کەشف نەکراوەکان دەبات، خەریکی دەستپێکی نۆرگزیانەیە، گەمە بەو زبڵانە دەکات، کە خستوویەتە لاوە، دەست دەداتە تاوان بۆ ئەوەی لەو زیندانە رابکات، کە خۆی دروستی کردووە، رزگاری خۆی لە تەقاندنەوەی هەوەسەکانیدا دەدۆزێتەوە... بە گشتی لای مرۆڤی پێست ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی ناسنامە و رەهەندە جیاوازەکانی ناسنامە هیچ بەها و بایەخێکی نییە، گەشەسەندن و پێکەوە ژیان و کرانەوە دەبنە کۆمەڵە چەمکی بە سەرچوو، پێوایە هەموو ناسکردنێکی خود، خود دەخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە و رەتکردنەوەی خود و ونبوونی خود و ئابوقەدانی خودی لێدەکەوێتەوە! مرۆڤی پێست ئایدیۆلۆجیا وەك چۆن ئابوقەدان رەتدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ بەها پیرۆزەکان ناگەڕێتەوە، مرۆڤی پێست ئایدیۆلۆجیا هەر تەنها پرسیسەی جۆرێك لە تێپەڕاندن و ئازادی و دژبوونەوە و پوچگەرایی ناکات، هەر تەنها ستایشی مەرگی حیکایەتە گەورەکان و مەرگی بەهاکانی ناسنامە ناکات، هەر تەنها کلتور بە زبڵ دانانێت، بەکو وەك هایدگەر پێوایە ئەو ستایشی مۆژووی شاردنەوەی حەقیقەتی بوونیش دەکات، یان بە دەربڕینێکی دیکە فەرامۆشکردنی بوون و بەرجەستەکردنی نەهلیزمە.

بگومان جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان ڕبەتی ئایدیۆلۆجیا و مرۆڤی پێست ئایدیۆلۆجیا هەیە، وەك چۆن جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان مەعریفەی زانستی و مەعریفە حیکایی هەیە، جیاوازییەکی دیار لە نێوان (پاڵەوانی ئازادی) وەك دروستکەری بەها کۆمەڵایەتییەکان، لە حیکایەتی شۆشی فەنسی و (پاڵەوانی مەعریفە) وەك ڕێکخەری مەعریفە لە ناوکێیەك کە خۆی لە بەهاکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرزتر دەزانێت، لە شۆشی ئەمانیدا هەیە! لێرەدا پرسیارکردن لە ناسنامە دەکەوێتە کوێ؟ بە دیوەکەی دیکە ئایا پرسیارکردن لە ناسنامە پرسیارکردن نییە لە مرۆڤ، لە مەعریفە، لە دنیابینی؟
قسەکردن لە مەعریفەی گۆڕانەوە قسەکردنە لە ژیان و بیستن و بەکارهێنانی شتەکان و پێوانەی چالاکییەکان و دادپەروەری و خۆشبەختی و دەنگ و ڕەنگ و ... مەعریفەی گۆڕانەوە چەمکێکی بەرفرەوانە و مۆدێرنکی نەتەوەیی و لۆکاڵی هەیە! بەڵام مەعریفەی زانستی لە سەر سەلماندن ڕاست دەبێتەوە، دیالۆگ لە سەر سەلماندن بە ڕەوا دەزانێت، هەرگیز مەعریفەی زانستی ناکەوێتە سەلماندنی دژ بە یەکەوە، وشەی (گریمانە) لە زانستدا کە دەلالەت لە هێزی وشەکە

دەکات، بەو مانایە دێت، کە زانست دەتوانێ بەپێی ئەو گریمانەیە دەرئەنجامەکان جێگیر بکات، زمانی زانست وەك (ژان فرانسێ لیوتار) لە کتێبی (بار و دۆخی دوای تازەگەری)دا دەڵێت زمانی ئاماژەیە (ئاماژە بە شتەکان دەکات) لە زمانی ئاماژەوە دووەم (کە ئاماژە بە ڕێسا و پێوانە و هەڵسەنگاندن دەکات)… کەواتە پاڵەوانی ئازادی بە پێچەوانەی پاڵەوانی مەعریفەوە لە سەر لێجیکی گۆڕانەوە وەستاوە، لێجیکی گۆڕانەوە لەسەر کێکردنەوەی دەستەواژەکان و ئاماژەکان و دەستەواژە ئاماژەکان و … کار دەکات، مەعریفەی زانستی پێویستی بە ئازادی و بوێری هەیە، پێویستی بە پاڵەوانی ئازادی نییە، مەعریفەی زانستی مێگی نەتەوەیی لەخۆدا هەڵنەگرتووە، زانست سەلماندنی دەوێت.

مەعریفەی حیکایی رابردوو لە پێناو دووبارە شیکردنەوە ناخاتە ڕوو، بەڵکو پیرۆزی پێدەبەخشێ و دەیخاتە سەرووی زەمەنەوە، بێ نموونە ئەفسانەکان… پاڵەوانی ئازادی تەنها خۆی بە ڕەوا دەزانێت، هەرگیز نابێتە سەرچاوەی ڕەوایەتی… (لیوتار) هەر لەو کتێبەدا دەڵێ هەر بەو هۆیەوە گۆڕانەوەکان لێبوردەیی دەنوێنن و تاکەکان بە یەکەوە کێ دەکەنەوە. بەڵام مەعریفەی زانستی بە پێچەوانەوە، چۆڕ لە ئاستێکی دیاریکراوی مەعریفە وەردەگرێت، پاڵەوانی مەعریفی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە بە ڕەوا دەبینێت، جگە لەوە مەعریفەی زانستی خاوەن مۆڕووە و دەکەوێتە نێو زەمەنەوە، بۆیە تیۆری نوێی زانستی لە سەر بەتاڵکردنەوەی کێن راست دەبێتەوە… پاڵەوانی مەعریفی پێچەوانەی پاڵەوانی ئازادی دەکەوێتە دەرەوەی کەمەگا و ناسنامەوە، چونکە ئەفسانە دروست ناکات، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەی عەقڵی زانستی ئەبستراکتدا دەمێنێتەوە.

لە سەر بنەمای ئەو هەموو جیاوازییانەی کە لە نێوان لێجیکی حیکایەت و لێجیکی زانستدا هەیە، زانست ڕەخنە لە گۆڕانەوە دەگرێت و خەسڵەتی ڕەوایەتی لە گۆڕانەوەدا بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی لە دایکبوونی ئیمپراتۆرییەت لە قەڵەم دەدات. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەشدا کەچی لە زەمەنێك لە زەمەنەکاندا پشتی زۆری پێدەبەست! لیوتار ئەو پشتپێبەستنە لە دوو زەمەنی گۆڕانەوەدا سادە دەکاتەوە: زەمەنی حیکایەتی شێشی فەنسی کە لە بارەی گەلەوە دەدۆ و پاڵەوانی ئازادی بەرجەستە کرد و لە پێناو پشکەوتن و لە پێناو هێنانە دی ئامانجەکانی کەمەڵك پێوانەی کەمەیەتی و کەمەڵ یاسا و ڕێسای دیاریکراوی لە ڕێگای دەستاودەستکردن و گفتوگۆوە بە دەست هێنا، لە بەرانبەریشیدا مەعریفەی زانستی دەستە

وەستان نەبوو، رەخنەکانی وەلاناو زانستی پشکەش بەو گەلە کرد و گەلیش لە پناو مافەکانی خی پشتی بە زانست بەست، بۆ ئەوەی لە رووی مەعریفەی زانستییەوە مافەکانی خی بە دەست بهنێ... زەمەنی حیکایەتی دووەم حیکایەتی ئەمانیایە، حیکایەتی پاەوانی مەعریفەیە، ئەو پاەوانە زانستی لە ناوکییەکدا رکخست، زانستی لە نموونەیەکی ئاکاریدا رکخست، نموونەیەك کە دەکەوتە سەرووی دەوەت و نەتەوەوە! لرەدا مەعریفەی زانستی وەك مەعریفەی لوردبوونەوە خی دەنوێنێ و دەکەوتە سەرووی گەل و سەرووی زاناکانەوە! لیوتار پیوایە ئەو شوەیە لە رکخستی مەعریفەی زانستی مرگکی هیگلیانەی لەخدا هەگرتووە. بەام بە گشتی لە هەردوو حیکایەتدا زانست پشت بە دەوەت دەبەستت، چ دەوەتك کە نونەرایەتی گەل دەکات، وەك لە حیکایەتی فەنسی بەر چاو دەکەوت، یان ئەو دەوەتەی کە نونەرایەتی رح دەکات وەك لە حیکایەتی ئەمانیدا دەبینرت.

زانست لەگە بەرەو پشچوونە یەك لە دوا یەکەکانیدا چەندان رسای زانستی بەسەر خیدا چەسپاند و خی لەو زەمەن و فەلسەفانە جیا کردەوە، کە رەوایەتییان پدەبەخشی، ئینجا دوای دیاریکردنی سنورەکانی و لە دوای وەرگرتنی تایبەتمەندتی و چوونە ناو دامەزراوەکانی زانکە و پەیمانگاکانەوە، خی لە گشتگیریی هیگلی جیا کردەوە، بەام وەك پەیوەندی بە حیکایەتەکانی رشنگەری... دەبینین هیچ پەیوەندییەکی ئاشکرا لە نوان راستی زانستی و توکاری دروستیدا نییە، بەام دەش لەسەر حەقیقەتی زانستی چەندان هەبژاردەی کەمەایەتی جراوجر و هەتا ناکیش بونیاد بنرت، بۆ ئەوەی زانست بتوانێ ئەو ناکییانە یەکلا بکاتەوە. بەمجرە زاناکان بوونە بەندەی تایبەتمەندییەکانی خیان و خودی خیان بونیاد نا و زانست پەلوپی زری لبەوە و زمانی زانستیان بە شوەیەکی تایبەتی بە کار هنا.
زانست لە کەمەگا دابراو نییە، بەکو پویستی بە رەوایەتی کەمەایەتی هەیە. زانست پویستی بە میدیا هەیە، پویستی بە شانی ژیان هەیە، پویستی بە دەنگ و دەنگدانەوە هەیە... بەام زانست بەپی بەرەو پشچوونەکانی بەرە بەرە بنەما حیکاییە کانەکانی فەرامش کرد، ئەو بنەمایانەی لە زەمەنك لە زەمەنکاندا رەوایەتیان پدەبەخشی... دواجار پرسیاری رەوایەتی بووە پرسیارکی ناوەکی خودی زانست و بووە بەشکی جیانەکراوەی خودی زانست.

پرسیاری من ئەوەیە ئایا لەگە کابوونەوەی بنەما حیکاییەکان

پەیوەندی نێوان مرۆڤ ناسنامە، کلتور و ناسنامە، سیاسەت و ناسنامە… خێی نوێ دەکاتەوە، یان ئەو پرسیارە جەوهەرییە دەکەوێتە کوێی پەیوەندییەکانی تەکنەلۆجیا و زانست، یان کردەیی و ناکردەیی… بۆگومان تەکنەلۆجیا وەک ئای بەرەوپێشچوونە زانستییەکان پەیوەندی خێی لەگەڵ بەرهەمە زانستییەکان پتەوتر دەکات، هێزی زانستی وەک بنەمای دەسەڵات و سەرمایە و پێویستییەکانی ئازادی هەنگاو بەرەو داهاتوو دەهاوێژێت، سەربەخێیی زانستی حکایەتی ئازادی سەرەوژێر کرد، ئەگەرچی تا دوێنێ بۆ ئازادی خێی رەوایەتی لەو حکایەتانەوە وەردەگرت… بەڵام ئەمڕۆ ئازادییەک بە ناوی پێویستییەکانی زانستی هاتێتە دنیاوە.

بەمجۆرە کەوتنی حیکایەتە گەورەکان و هاتنە ناوەوەی زانست و بەرەوپێشچوونی لە بوارە جیاوازەکاندا و هەژموونی تەکنەلۆجیا… هەموو ئەوانە بەشێکی زۆر لە پرسیاری ناسنامە کاێدەکەنەوە، ئێستا پرسیاری رەوایەتی شان بە شانی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنە زانستییەکان هەنگاو دەنێت، ئازادی وەک داواکاری زانست و لە پێناو زانست و تەکنەلۆجیادا خێی نمایان دەکات، کردنەوەی دەرگاکانی تەکنەلۆجیا و کۆگای زانیارییەکان بۆ هەمووانە، بۆ ئەوەی بیر لە ناسنامە بکاتەوە، ئەمڕۆ دنیا بەرەو پشتکردن لە ناسنامە هەنگاو دەنێ و لە پێناو (ئازادی/ زانست/ تەکنەلۆجیا) تێدەکۆشێ..

هەولێر 15/6/2018

پێگەی ئێکخێری گشتی بزوتنەوەی گۆران !؟ … فڕێدون کونجرینی

ئێکخێری گشتی بزوتنەوەی گۆران واتا پێکردنەوەی درزوکەلێنی ناوخێیی و بنبڕکردنی هەرناکۆکیێك و ئێکخستنی پێوەندی نێوان ژورەکان بۆ جڤاتی نیشتمانی و خانەی راپەراندن ێو " پاش تێپەراندنی کۆمتر لە ساێیک و جیاوازی لەگێ قناغی دوای ێوانشاد بەدیدکرێ " هەرووك لە ئێستادا ئێکخێری گشتی بزوتنەوەی گۆران هاوشێوە دەسەڵاتی کاریزماتیك نەوشروان مستەفای نیو شتەکان

گەاون" بەمەیش جۆری پەیوەندیەکانی نێوان خانەی ئاپڕاندن و ڕەکخڕو جڤاتی نیشتیمانی چەتربەتەوو بەیاردان قورسە، بەم تەکەئاوکردنە پگەی ەکخڕی گشتی خاوەندارنیە تەنانەت بە چاکردن و ەکخستنەوەی ژورەکان بەبە جڤاتی نیشتمانی و خانەی ئاپڕاندن بەیارنادات ەگیری هەیە لە چاکردن و گەانکاری ژورەکان، ئەوەی من لەڕدا مەبەستمە دروستبونی دەسەلاتی تاکەویی و دیکتاتۆری نیە بەکو ئایە ەکخڕی گشتی واتای کام ئەرکی لەسەڕو بە ناونراوە ەکخڕی گشتی !؟ ئایە ئەم جۆری کارکردنە نابەتە پکخستنی گەانکاری ژورەکان و چڤە بەستوبون، هەروەك دەبیندرێ کەسایەتی تەدایە لە دروستبونی ژورەکانەوە پگەی نگەاوە یان ژورمان هەیە موچەی خەی وەردگڕەت و پاەی لەداوەتەوو لە ئیمەو مانان دەوانە شتەك بە بەرژەوەندی بنوسین و بەاوبکرێتەوە سستی و ناچالاکی ژورەکان بەجۆرەکە بەتە نەازایی هەسوەاوەکان، یان کەمەك گڕانخوازو هەسوەاو بگروپ یەك دگرن بە بەرژەوەندی بزوتنەوەکە داواکاریان هەیە گوەداریان نابن و ناچن بەدنگ داواکاریەکانیانەوە، دڕنجام لە سێشیالمدیاوە داواکاریەکانیان وەك ەخنە بەاو دەکەنەوو کێشکان زەقتردبنەوە، هەروەك لە چندەژی رابوردودا نیارانی گەان بچوکترین داواکاری گەانخوازان و پەیوەندیەکانی نێوان هەسوەاوانیان گۆڕکرد.

پاش 18 ساە لە حکومەانی کوردی هەرمی باشوری کوردستان ، بەئاستەکی خراپ و دوور لە هیوای خەك بەکرا " گشمردە نەوشیروان مستەفا توانی بەپشتیوانی هاورەکانی گەانکاری لەناکاو بخزنێتە نەو ساحەی سیاسی هەرمی کوردستان و پەیامەکی جیاواز لە مەژوی گەلی کوردستان بەئاستەکی ەکخراوی و مەدیایی بەخەك ئاشنابکات ، بەهەزی گەل لەماویەکی کەمدا بزوتنەوەی گەانی بجند قناغەك گیاندە دامەزراویەکی ئوتە کە دەساتی دومی لەحکومەتدا بەردەستەکرد " هەروەك لەهەبژاردنە ناوخیەکانی هەرمی کوردستاندا لەگوتارەکیدا بە ایگشتی دەت ، بزوتنەوەی گەان بجرەك دامەزراوە بەوازهێنانی پانزدە کەس و مردنی جند کەسەك توشی شکستو هیچ ئەزمیەك نابت و بەردەوام دەبت ، بگومان بزوتنەوەی گەان لەباترین پلەی دەسەلاتدا دەمێنتەوە و لەبەرو پشچوندا دەبت و ئاسودەیی بە خەك بەرجەستەدەکات.

نەوشیروان مستەفا" لە نوسراوەکیدا بە هاوەکانی دەت " ئاوگە لە هەیکەلی سەرکردایەتی بزوتنەوەی گەان دا ، لەچاو حیزب و ەکخراوەکانی تری کوردستان دا ئاسانتر. ئەوشمان لەئەنجامی

شیکردنەوەی تاجروبەی هەمو حیزبەکانی تر دەرهەناوە. بە ئەوەی سەرکردایەتی نەبەتە مەتەکەی سەر لەشی حیزب. بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی پەویستمان بە بەستنی کۆنگرە نیە، وەکو حیزبەکانی تر جڤاتی نیشتمانی بەشوەیەکی ئاسایی لەهەمو باژێڕەکانی کوردستان و ، لەناو ڕێکخراوەکانی تاراوگە هەڵئەبژێردرێ. ئەوانیش بە ئەوەی پەویستیان بە بەستنی کۆنگرە بە ڕێکخەری گشتی و، ئێندامانی خانەی ڕاپەڕاندن هەڵبژێرن.

پەگەی ڕێکخەری بزوتنەوەی گەلان تەنها بە نەوشیروان مستەفا کرا، گەر هاوڕێکانی بیانەوێت پەگەی ڕێکخەری وەك خەی دەهێنەوە" مەرجنیە تەنها لە دیدی نەوشیروان مستەفا بڕوانن و گوتەکانی بڕێنەوە " بزوتنەوەکە دەتوانێ سود لە ئەرشیفی ڕێکخەر ڕێوانشاد وەرگرێت و گەلانی ڕیشەیی ئەنجام بدەن و دەسەڵاتی حیزبی بخاتە ژێر فشاری گەل و دەسەڵاتی حکومەت بەهەموچەمکەکانیەوە سەروەربێت و یاسا پەشنگ بێت.

لە سەرەتای ساڵی 2010دا لە دیدارێکی کورتم لەگەڵ ڕکخەری پەشوی بزوتنەوەی گەلان و سەرنجم لە پەژەکاری بزوتنەوەکە لەوەڵامی پرسیارێکی منداهاتوو دەڵێت بە باشکردن و چاکردنی ژورەکان ئەرکی ڕێکستنی منێ نەك گروپ و دەستە" ئێندامانی جڤات و خانەی ڕاپەراندن لەمبەستم تێدەگەن لەوەی ژورەکان نوێ ناکرێنەوە " ئەوەی پەویستە" کورت و پوخت قسەی لەسەربکەم و درێژە بەم باسە نەدەم " ئامانجم پەگەی ڕێکخەری بزوتنەوەی گەلانە! چەند هەفتەیەك دوای کەچی نەوشیروان مستەفا پەشنیارمکرد بەڵام نەگەیشتە شوێنی مەبەست!؟ لە سەرەتای پەشنیارەکەمدا نوسیبوم" لە پاشە کەچی دوای نەوشیروان مستەفاو فەراغ بونی پەستی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گەلان دەکرێت لەداهاتویەکی نزیکدا بەکۆنگرە یان هەلبژاردن ئەنجامدرێ ، ئیدی هەڵبژاردنەکە بە کەی گشتی لەنێو بزوتنەوەی گەلاندابێت یان جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گەلان ڕێکیخا ، گرنگ ئەوەیە کاری بە بکرێت" لەپەناو بزوتنەوەی گەلان و هەشتنەوەی >

ناوەڕۆکی پەشنیارەکەم چارەسەری بنەڕەتی و هەشتنەوەی پەگەی ڕێکخەری یەکەمی بزوتنەوەی گەلان بوو! بەڵام نەتواندرا کاری جدی بکرێت" فراوانبونی ئازادی ڕۆها لەناو بزوتنەوەی گەلاندا بەجۆرێکە هەر کەس خەی بخاوەن بیار دەزانێت و لەدوان ئێدا بەناوی بزوتنەوەی گەلان و دوور لە ڕێکخەری گشتی" بە ئەم مەبەستە دەبوو ژوری یاسایی بانگشتی کەسکانە بکات و لەپرسینەویان لەسەربکات " پەرلەمانتار و وەزیرێك یان هەر کارمەندێکی حکومی

لەسەر لیستی گەلان دامەزراوەت " چگە لە ئەرکە ئیداریەکەی بۆی نیەت بەناوی بزوتنەوەی گەلان لەدوان بدات بە ڕۆژنامەو سۆشیال مەدیا" لەدوانی لەوجۆرە ئەرکی مەدیای بزوتنەوەی گەلانە کە ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندنی لە پشتەوەیە ، ڕێکخەری گشتی لەم وەرزەدا بەجۆرە پێگەی نمایش دەکا جڤاتی نیشتمانی و خانەی ڕاپەڕاندن پەرشتیاری ئەرکەکانیەتی!؟

هاوسەرەکی بزوتنەوەی گەلان هەبژێرن ! ؟

بەچی نابەت ڕێکخەرێك بە بزوتنەوەی گەلان هەبژێردرێت و هاوشیوە دەسەلاتەکانی نەوشیروان مستەفای نەبێت . لە کەمپەینگەی کوردیدا هێشتا شتێك نەکراوە هەبژاردنەکی سەرکەوتوانەی بە ئەنجامدرابێت و لەکۆتایهیدا دژایەتیان نەکردبێت ! ؟
لە پاش هەر هەبژاردنێك تێگەڕ ڕودەدات و دەبێتە گرفتی هەمیشەیی تا هەبژاردنەکی تر

ئەرکی ڕێکخەری گشتی تەنها خودی کاك نەشیروان توانی و گەیاندیە لوتکە بەڵام لە چاوەڕوانی ئەوەدانەبین و هەوڵنەدرێ جارێکی دی ڕێکخەری بزوتنەوەی گەلان تاك بێت " نابێت تاکە کەسێك هەبژێردرێت بە ئەو پێستە چونکە پێگەی ڕێکخەری بزوتنەوەی گەلان بەتاکە کەسێك سەرکەوتونابێت و کەس ناتوانێ هەمان پێگە وەك خۆی و باشتر کاری لەسەربکات ، لەڕەدا ئاماژە دەکەم کە هاوڕیانی ناو بزوتنەوەی گەلان بەتایبەت جڤاتی گشتی بزوتنەوەی گەلان جەخت لەسەر ئەم باسبکاتەوە بە ئاستەکی جیاواز لە ناوجەکە هاوڕێکخەر هەبژێردرێت.

لەڕەدا ئاماژەم بە سێ کەسایەتی هاوڕێو نزیک لە کاك نەوشیروان کردوە (عومەر سەید عەلی قادری حاجی عەلی مەحمەد تۆفیق ڕەحیم) بەر لە تەواوی خوێندنەوەی ئەم باسە پرسیار دەکەیت ئایە بەدەبێت ئەم سێ کەسایەتیە ؟ بۆی " دەمەوێ ئەوەبڵێم مەبەستی سەرکیم خەڵەربازکردنە لەودەردەپیری کە تەواوی سەرکردەکانی کورد لە تەمەنێکدان کاتی ئەوهاتوە توشی لەبیرچونەوەبن " بە ئەو ئەرکە تیانەچێ پەراندوە گەربمێنەوە کەشە لەناو بزوتنەوەی گەلان دروستبێت، یەکێك لەو گرفتانە داوای ڕێخەری دەکەن یان هەوادارانیان پێشنیار دەکەن هەرێك لەو سێ کەسایەتیە چوارساڵ ڕێخەربێت واتا 12 ساڵ بزوتنەوەی گەلان چەقبەستودەبێت! خۆ ئەگەر هەر سێ کەسایەتیەکە پێکەوە بە چوارساڵ ببنە هاوڕێکخەری بزوتنەوەی گەلان ئەوا دەسەڵاتی ڕەهای ویستەکانیان لەناو بزوتنەوەی گەلان بەجێ گەیاندوەو قەناغی سێهەم خراترێت لەوەی لاوەکان بەشداربن

و بزوتنەوەی گەلان بەقەناعی سەهم لەفیلتەری ڕەوانشادو سەکسایەتی ناوبراو بەردەوامبە" لەگەڵانکاری پەستی ڕەکخەری برزوتنەوەی گەلان ، بەکو ئەم پەستە دەبێت بەدو قەناغدابەوات هەروەك چەن لە ناوەڕۆکی پەژەکەدا ئاماژەمان پەداوە.

فەرەیدون کونجرینی

دیوانی سەباح ڕەنجدەر … بەرگی یەکەم و دووەم

بابەت: ڕەمانە شیعر – شیعر – پەخشانە شیعر

بە خوێندنەوەی بەشی یەکەم کلیکی ئێرە بکەن ….

بە خوێندنەوەی بەشی دووەم کلیکی ئێرە بکەن ….

مەزاتخانە (تەنزە چیرۆک) … نووسینی: جەلال قادر

ئەندازیارەکی زەنگین هەبوو، بەیانیان زوو بە خەیی و ئاخر مەدەلی (مرسدیس) دەهاتە گەڕەکەکەمان و کرێکارەکی هەڵدەگرت و دەچوون بە سەرکار. بەڵام کرێکارەکە کە باوکی دوو منداڵ بوو ژنەکی شۆخ و شەنگی هەبوو کە لەگەڵ مانگ شەڕی دەکرد!.
بە پشووی نیوەڕۆ ونانخواردن ئاغای ئەندازیار بە تەنیا دەگەڕایەوە ماڵی کرێکارەکە و ژەمە خەشی لەو مانگی هەنگوینە دەخوارد. من و برادەرەکانم، پەلەك منداڵی چەتوونی گەڕەک بووین هەستمان بە هەمووشت کردبوو.

ژنەکیان لەگەڵ (جووتی) برادەرم وتمان ماشەنەکەی بشکێنین، دواجار جووتە وتی : ئەی بۆ نەچین جووتە پەلاوە گرانبەهاکەی بدزین وبیفرۆشینەوە و بە پارەکەی بچینە سینەما و فەلالش بخۆین!.
بە نیوەڕۆ کەمینمان دانا، کابرای ئەندازیار هات. جارجار لە کونی دەرگەوە سەیری ناو حەوشەمان دەکرد. دیاربوو خانم ئاوی لە حەمام گەرمدەکرد. ئەمەش چاوەڕوان بووین تا خۆیانکرد بە حەمامەکەوە.
لەپاش دەنیابوون بەسەر دەرگەی حەوشە بازماندا وچووینە هەیوانەکە، جووتە پەلاوی چەرمی ئیتالی و قەمیس و پانتۆنەکی جوانمان بینی. من جووتە پەلاوەکەم هەلگرت و (جووتی) برادەرشم کراسەکانی خستە ژێر باخەڵی… لە حەمامەکە نزیک بووینەوە گومان لە ئاخ و ئۆفی خانمی ماڵ بوو، کە تا ئێستاش ئەو دەنگە ناسکە لەگوێم دەزرنگێتەوە.
کراس و پەلاوەکانمان هەڵدا ئەودیو دەرگە ودووبارە بە ئاسپایی بە دەرگەکە سەرکەوتین و لەگەڵیک دوور کەوتینەوە. تا قەدەرێک خەم و برادەرکەم پێکەنین بۆری نەداین، جووتە لە منی دەپرسی : گوێت لە ئاخ وئۆفە بوو؟
منیش بە پێکەنینەوە دەموت : ئەی ئەی……
بەهەربار جووتە پەلاوە قاوەییە جوانەکە بەدەستمەوە بوو، بەیاربوو بچین بۆ مەزاتخانە و بیفرۆشین!.
هەر لەسەر بازاڕەکەی (ڕەحیماوە) ڕێبوارێک دەستی گرتم و وتی : بچکە ئەو پەلاوە نافرۆشیت؟
وتم : بەڵێ..دەیبەن بۆ مەزاتخانە دەیفرۆشین!
؛- ئەم پەلاوە جوانانەتان لە کوێ بوو؟
من دەمەم تەتەڵەی کرد، باشبوو جووتە فریام کەوت و خۆرا وەلامیدایەوە: جێ وبەرگی خاڵمانە.. مانگێک دەبێت مردووە و خالۆژنم پێیداوین بۆی بفرۆشین!.
کابرای ڕێبوار پەلاوەکانی تاقیکردەوە پێ بە پێی بوو. خۆرا دەستیکرد بە گیرفانیا و روبعێ دینارێکی داینێ.
منیش ڕەتمکردەوە و وتم : بە دەزانی ئەمە مندااین؟
ئەمجا کردیمە ئێک دینار…خۆرا پارەکەمان وەرگرت وسواری کەستەرەکان بووین بە ناو بازاڕ!
ئەو ئێوارە چووینە سینەما و فەلافلشمان خوارد کەچی هەشتا بەڵێک پارەیترمان لە گیرفان مابوو!.
لەپاش هەفتەیەک چاودێری ماڵی کرێکارەکە و هاتووچۆی کابرای ئەندازیارمانکرد…بەڵام پەدەچوو ئەندازیارەکە بە سواری تاکسی نزیک گەڕەک بێت و پاشان بە دزە دزە خۆیدەکرد بە ماڵی مانگشەوەوە!.
ڕۆژی هەینی بوو دونیا گەرمبوو تازە لە سینەما دەگەڕاینەوە بەرەو ماڵ. جووتەی برادەرم وتی : بە نەچیینە ناو مزگەوت خەمان فێنک

کەینەوە؟
؛- ئاخر من نوێژکردن نازانم!
؛ کورە منیش نایزانم…دەچین لە پیز دەوەستین و گوێرەکان چیبانکرد ئەمەش لاسایی دەکەینەوە!.
خەمانکرد بڕووڕا، لەناو مزگەوت جگە لەمن و جووتە یەک مندالیتری لە نەبوو. تەنانەت ئەو سەردەمانە گەنجان نوێژیان ناکرد و مزگەوت شوێنی پیر و پیاوە بەساڵا چووەکان بوو!.
پاش ڕووخسار شڕین لە پشتی چەند ئەفەنیەک ڕیزمانبەست!.
هەر ئەوەندەمان زانی کابرای ئەندازیارش هاتە پێشمانەوە وناوی خوای لێهێنا.
کاتێ ئەمە لاسایی ئەوانمان دەکردەوە، ئاغای ئەندازیار بە وردی سەیری کابرای تەنیشتی دەکرد!.
لامان سەیربوو، کاتێک ئەمەش سەیری کابرای نوێژکەرمانکرد خەرا بە جووتەم وت: کورە ئاکە ئەو جۆ وبەرگی کابرای ئەندازیاری لەبەردایەو!.
جووتە تووند دەستیگرتم و وتی : ئاوەستە کوێی خوا با بزانین فیلمەکە چی بەسەردە!.
ئاغای ئەندازیار دەستی خستە سەرشان کابراو وتی : ئەڕە برا زەحمەت نەبێت پێم ناێیت ئەو جۆ وبەرگەت لەکوێ پەیدا کردووە؟
کابرای نوێژکەر بەسەرسوومانەوە ئاوڕێکی ئەملاوئەولای خەیدایەو، نەیدەزانی چۆن وەلامیداتەو. ئینجا سەیرێکی پشتەوەی خەیکرد وئەمەی بینی وچاوی زەقبوەو!.
خەم و جووتەی برادەرم لەترسا پەمان لەسەرپێ دانابوو بە ڕاکردن.
کەچی کابرای نوێژکەر پێکەنی و وتی : لێ مەزاتخانە!.
ئەمەش لە خەشیا خەرا دەرچووینە دەرەو!.
(هاوینی ۲۰۱۸)

بانگەواز … سمکۆ

ئەم بە یانی یە نزیك پارکی ئازادی
لەگەڵ شیعرێکی بەکر عەلی
پیاسەم دەکرد
تەرمێکم دەزی یەو

ژنەکی ئەسک سووك بوو
خەتانی گۆ کرابوو
سەیرم لەهات
خۆنەکەی بۆنی نەرگزی
قەراغی لەدەهات
لە باتی کرم گۆ تێ دابوو
لەباتی شەرم جەستەی ووتی
تیشکی پەلکە زێینەی لەدەهات
پە دەچی پیاوەکی بەشەرەفی شارەکەم
دوو ئەوارە
لەسەر شەرەف کوشتبەتی
ئای شەرەف
دەبە مانای چی بە بە کوردی؟
من نازانم تە دەزانی؟
ئەم بۆیانی یە پێکەری ووتی ڤینەسم دی
پە دەچی هانایەکی بەکەسی بە گەکەی
شیرکە هەنابە
یان پارکی ئازادی،
بە مشتە خەشەویستی و ئازادی گەرابێت!
من حەز دەکەم جەستەکەی
لە باخەکەی دایکم بنەژم
زەر دەمکە باخەکەی خەون بە گوەوە دەبینە،
گەر هەستایەوە من مارەی کەم
من مانای شەرەف نازانم
و نایشی کوژم.
ماچی دەکەم
هیودارم ئەم ماچە نەبێتە
خەمەش لە دەمیا.
ماچی دەکەم تا هەردوکمان دەتوینەوە

بەس ناوەکەی نازانم
زەر حەز دەکەم کە بیزانم
گەر هەر کەسك دەیناسە
تکایە پەم بڵێ
تکایە ئی مەیڵك بکەن
با حکومەتیش بزانی

KDPUK@Iraqdead.com

Simko 2018

بەبە ... عەلی حەمەشید بەرزنجی

بەبە خۆشی خستە ماڵ
وا کەوتەتە گۆ و گاڵ
یەک یەک هەتا دەتوانێ
بە هەمووان دەڵێ
پێکەنین و گریانی
شەوان و بەیانیانی
لە لای بابە و لای دایە
وەکو مەسیقا وایە

* * *

بەهرووز غەریب پوور: دوای فیلمی "دەوەندە" ئەزموونی ڕۆگایەکی دیکەم لە سینەمای منداڵ و مەرمنداڵدا کرد

مەنووچەهر جیهانی ـ "بەهرووز غەریب پوور" دەرهێنەری ناوداری سینەما و شانۆی بووکەیەی کوردستان و ئێران سەبارەت بە ئەزموونەکانی لە سینەمای منداڵ و مەرمنداڵدا ڕایگەیاند: لە دوای فیلمی سینەمایی "دەوەندە" واتە "ئاکەر" ئەزموونی ڕۆگایەکی دیکەم لە سینەمای منداڵ و مەرمنداڵدا کرد.

بە پێی راپۆرتی لێژنەی راگەیاندنی گشتیی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران؛ "بەهرووز غەریب پوور" نووسەر و دەرهێنەری بەئەزموونی سینەمای منداڵ و مێرمنداڵی ئێران سەبارەت بە ئەزموونەکانی چالاکیی خۆی لەم بوارەدا گوتی: بەر لە نووسینی سیناریۆی فیلمی سینەمایی "دەوەندە" واتە "ڕاکەر"، چەندین بیرۆکەی جۆراوجۆرم بۆ سینەمای منداڵ و مێرمنداڵ هەبوو، بەڵام سیناریۆی "دەوەندە"م کە نووسی، ئەزموونی ڕۆگایەکی دیکەشم پەیدا کرد.
ئەو سینەماکارە کوردە هەروەها گوتی: لە درێژەی کارەکەمدا چەندین سیناریۆی جۆراوجۆرم سەبارەت بە منداڵ و مێرمنداڵ نووسی کە یەکێک لەوانە سیناریۆی "ئوردەک لی" بوو کە بنکەی هزریی بارهێنانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران ئامادە نەبوو لەسەری سەرمایەگوزاری بکات و پاشان لە دوای بیست و پێنج ساڵ چاوەڕوانی، ساڵی پار ئەو فیلمەم ساز کرد.

غەریب پوور لە درێژەی قسەکانیدا وەبیری هێنایەوە: هەروەها فیلمی سینەمایی "کارئاگای 2" و فیلمی سینەمایی "تەنبەڵی پاڵەوان"م دروست کرد کە فیلمی دووهەم تەنیا ڕۆزی لێگیرا، لەبەر ئەوەی کە بۆ منداڵان بەرهەم هێنرابوو، نە ڕەخنەگران. ڕەخنەگرێک ئەو فیلمەی لەگەڵ فیلمی سینەمایی "حەسەن کەچەڵ"ی خودالێخۆشبوو "عەلی حاتەمی" دەرهێنەری ناسراوی سینەمای ئێران بەراوەرد کرد و بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە من نەمتوانیوە فیلمێکی وەکوو ئەو دروست بکەم. لە حاڵێکدا ئەگەر بە وردی سەرنجی بدایە، تێدەگەیشت کە بەردەنگی فیلمی "حەسەن کەچەڵ" هەر منداڵان نین. لەگەڵ ئەوەشدا سیناریۆی "تەنبەڵی پاڵەوان" لە ساڵی 2000ی زایینی لە ڕیزی باشترین بەرهەمە چاپکراوەکانی منداڵ و مێرمنداڵ ناسێندرا.

"بەهرووز غەریب پوور" لە وەڵامی ئەوەی کە هۆکاری کزبوونی ڕۆژەیی سینەمای منداڵ و مێرمنداڵ لە دوای سەردەمی زێڕینی دەیەکانی 1980 و 1990ی زایینی لە چ هۆکارگەلێکدا هەڵدەسەنگێنێت، ڕایگەیاند: بەڵێ وەبەری فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران لە سەرەتادا بنکەی هزریی بارهێنانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران بوو، بەڵام لە دوای شۆشی ئێران، دامەزراوەی سینەمایی فارابی بەرپرسایەتی بەڵێوەچوونی ئەم فێستیڤاڵەی لە ئەستۆ گرت.
سی و یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران بە دەبیری و بەرپرسایەتی "عەلیەزا ڕەزاداد"

لە ڕۆژانی 8 تا 14ی مانگی خەرمانانی ئەمساڵ ڕێکەوتی 30ی ئۆگۆست تا 5ی سێپتەمبری 2018ی زایینی لە دوو بەشی نەتەوەیی و نۆنەتەوەییدا لە شاری مۆزوویی ئیسفەهان لە وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.

عەباس کیارستەمی بە بەرهەمەکانی گرینگی سەرنجدان و بارهێنانی فەرهەنگیی نەوەی نوێی مسۆگەر کرد

مەنووچهر جیهانی ـ "عەباس کیارستەمی" بە بەرهەمە سینەماییەکانی وەکوو "موسافیر" ، "ئەزموون" ، "باسی یەکەم، باسی دووهەم" و … گرینگی سەرنجدان و بارهێنانی فەرهەنگیی نەوەی نوێی ئێرانی لە چوارچێوەی بەگەفیلم ـ فیلمی چیرۆکیدا مسۆگەر کرد.
بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکانی فەرهەنگی و هونەری کە منداڵان و مەرمنداڵان کەمەگەی دیاریکراوی ئامانجی ئەو پێکبهێنن، تەنانەت ئەمڕۆکە وەکوو پێداویستییەک وایە.
بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکانی تایبەت بە فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵان، دەتوانێت وەکوو سەرمایەگوزارییەکی فەرهەنگی بۆ نەوەکانی دوایی کەمەگا سەرنجی پێبدرێت و هەر بەم هۆکارە، لێکدانەوەی پێداویستیی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانیش گرینگییەکی تایبەتی هەیە کە لە درێژەدا باسی لێوە دەکەین.

لە دوای پێکهێنانی بنکەی هزریی بارهێنانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران لە ساڵی 1965ی زایینی سەرنجدان بە پەروەردە و بارهێنانی کەم تەمەنترین چینی کەمەگا، زیاتر لە جاران گرینگی پێدرا، هەتا ئەو جێگایەی کە دەرهێنەرێکی وەکوو "عەباس کیارستەمی" بە بەرهەم گەلێکی سینەمایی وەکوو "موسافیر" ، "ئەزموون" ، "باسی یەکەم، باسی دووهەم" و … گرینگی سەرنجدان و بارهێنانی فەرهەنگیی نەوەی

نوێی ئێرانی لە چوارچێوەی بەگەفیلم ـ فیلمی چیرۆکیدا مسۆگەر کرد.
بە سەرکەوتن و گەیشتنی شۆڕشی ئیسلامیی گەلانی ئێران و گۆڕانکاریی پێکهاتەیی کە لە سینەمای ئێراندا رووێدا، سەرنجدان بە بەرهەمهێنانی ناوەرۆک بۆ ئەو مندالان و مێرمندالانەی کە لە یەک سەردەمی تێپەڕیوی فەرهەنگیدا بوون، وەکوو ریزبەندیی یەکەمی فەرهەنگیی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لێهات و لەم ڕووەوە، بەرپرسانی فەرهەنگی لە ساڵی 1982ی زایینی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی منداڵ و مێرمنداڵیان بەڕێوەبرد.

ئەم فێستیڤاڵە بە مەبەستی ئاشناکردنی کۆمەڵگای دیاریکراوی ئامانجی خۆی لەگەڵ بایەخەکانی فەرهەنگی ئێرانی ـ ئیسلامی، داب و نەریت و ڕەسەنایەتییەکانی نەتەوەیی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران، وەکوو: ئیسفەهان، تاران، هەمەدان و کرمان بەڕێوەچووە و ناوبژیوان و دادوەرەکانی لە سێ گروپی تەمەنی گەورەساڵان، مێرمنداڵان و منداڵان هەڵدەبژێردرێن کە ئەم ڕووداوە، وەڵامێ هاوبەشی خواستن لە منداڵان و مێرمنداڵان و گرینگیدان بە بیر و بۆچوونی ئەوان، فەرهەنگی کاری گروپیی هاوبەش و هەروەها هاوکاریی کاریگەری دانەر لەگەڵ کەسانی دیکەش بە منداڵانی ئەمڕۆ و نەوەکانی سبەی فێر دەکات و بۆ ئەوان لە وەرگرتن و ناسینی کۆمەڵگادا دەورێکی گرینگ و کاریگەر دەگێڕێت.

لە ڕاستیدا، ئەمڕۆ پەرەسەندنی کەرستەگەلی پەیوەندییە گشتییەکان، دەست پێڕاگەیشتنی سادە و ئاسان بە ڕایەڵە ئاسمانییەکان و کەناڵەکانی مانگی دەستکرد و بەرەوڕووبوونەوەی لە ڕادەبەدەری منداڵان لەگەڵ کارتێنە بیانییەکان کە بەستێنی کاریگەریی وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی لە تەمەنەکانی خوارەوە پێک دەهێنێت، وەکوو هەڕەشەیەکی جیددی فەرهەنگی دەبۆ خەسارناسی بکرێت. هەروەها بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران کە شوێنکە بۆ ناسین و ناساندنی فەرهەنگی خۆماڵی و نەتەوەیی بە نەونەمامانە، ئەمەش دەتوانێت وەڵامێ کەم کردن و سڕینەوەی هەڕەشە فەرهەنگییەکانی بێگانە، وەکوو هەڵ و بوارێک لە پێناو هاوکاریی فەرهەنگی، هونەری و ئاراستەکردن و فرۆشتنی بەرهەم گەلی سینەمایی منداڵ و مێرمنداڵ بە وڵاتەکانی دیکە سەرنجی پێ بدرێت و ببێتە گەرەنتییەک بۆ گەیانەوەی سەرمایەی بەرهەمهێنەرەکانی ئەم جۆرە بەرهەم گەلی سینەمایی و ببێتە هۆی گەشەکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی فیلمەکانی منداڵ و مێرمنداڵ.

بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی فیلمی منداڵ و مەرمنداڵ دەتوانێت بەستێنێک ئامادە بکات بۆ ئەوەی کە ئەدەبیاتی چیرۆکیی کوردی ئەمە و ئەو چیرۆکە بەردەوامانەی کە سینگ بە سینگ و نەوە بە نەوە لە رابردووەکانەوە گێڕدراوەتەوە، لە چوارچێوەیەکی داهێنەرانە، دراماتیک و بە شێوەی وێنەیی فیلمی سینەمایی بگێڕدرێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵان و مەرمنداڵانی کەمەگای ئەمڕۆی ئێران لەگەڵ فەرهەنگی دەوڵەمەندی رابردووەکانی خۆیان خووبگرن؛ لە ئوستووڕەکان و پاڵەوانە ئەدەبییەکانی خۆیان سەمبول و هێما دروست بکەن و بۆ بینینی کارتێنەکان و ئەنیمەیشێنە ڕۆژئاواییەکان کە زۆربەیان لە دژی بایخەکانی فەرهەنگی ئێرانی ــ ئیسلامییە، تامەزرۆیی و دەرفەتێک نەدۆزنەوە.

سی و یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران ICFF بە دەبیری و بەرپرسایەتی "عەلیەزا ڕەزادادە" لە ڕۆژانی 8 تا 14ی مانگی خەرمانانی 1397ی هەتاوی ڕێکەوتی 30ی ئۆگست تا 5ی سێپتەمبری 2018ی زایینی لە دوو بەشی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا لە شاری مۆزوویی ئیسفەهان لە وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.

"پووریا بەهرادکیان" ڕەخنەگر و کارناسی سینەما